کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-1-2007 17:29 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# کۆمەڵەی کوردی و هزری نەتەوایەتی. . . . گەلاوێژ بابان



بەهەر هۆکارێک، کۆچ کردنی کورد لەم ساڵانەی دواییدا بە ژمارەیێکی زۆر دەستی پێکرد بۆ هەندەران. بە گیرسانەوەیان لە هەر وولاتێکدا مافی پەنابەریان پێدراوە. نموونەی ئەو خانەوادانەی کە لە وولاتی سوید نیشتەجێ بوونە، باری ژیانیان لە هەموو ڕوویێکەوە بێ کەم و کوڕین.

لەسەرەتاوە، هەر خێزانێک کە مافی پەنابەری وەرئەگرێ، بەرپرسێکی خێزانی بۆ دابین ئەکرێ کە لێکۆڵینەوە لە پێداویستیەکان و کار و ئەرکەکانی ئەندامانی ئەو خێزانە ئەکات، ڕێنمایی کردنیان بۆ چۆنیەتی فێربوونی زمانی وولاتەکە. . پابەند بوونیان بە هەموو یاساکان و پەیرە و کردنیان، خۆگونجاندنیان لە نێوان دوو کولتوری جیاوازدا. بەڵام لە هەمووی گرینگتر پاراستنی کولتوری نەتەوەیی و زمانی دایبکە!!

داوا لە دایک و باوکان ئەکەن، مناڵەکانیان ڕابێنن بە کولتوری وولاتەکەی خۆیانەوە بۆ ئەوەی ڕەسەنایەتی خۆیان لەدەست نەدەن.

هەر بۆ ئەم مەبەستە، وولاتی سوید کە ناسراوە بە وولاتێکی دیموکراتخواز، هەموو کار ئاسانییێکی کردوە! ڕێگای داوە لە هەر شارەوانییێکدا، کۆمەڵەیێکی کوردی هەبێ و بودجە و خەرجی تایبەتی بۆ تەرخان کردوە، بۆ مەبەستی ئەنجامدانی هەموو چالاکییەکان لە ڕووی کولتوری و هونەری و کۆمەڵایەتیەوە.

ساڵانە فیستیڤاڵی کولتوری بۆ هەموو نەتەوەکان کە 2 تا 3 ڕۆژ ئەخایێنێت، تەرخان کردوە، کە تێیدا هەر وولاتێک لە ڕووی هونەری و فۆلکلۆری و جل و بەرگ و جۆرەکانی خواردندا بەشداری ئەکەن. نەتەوەی کوردیش یەکێکە لەو بەشداربووانە.

هەوڵ و ئامانجی کۆمەڵە کوردییەکان، کۆکردنەوەی خیزانی کوردە لە ژێر چەتری خۆیدا و پێگەیاندن و ئاشنا کردنی ڕۆڵەکانمانە بە کولتوری ڕەسەنی کوردی و دروستکردنی هزری نەتەوایەتیی لە دڵیاندا. ئەو بەرێزانەی کە لەم بوارەدا کار دەکەن، بەگیانێکی خۆبەخشانەوە ئەرک ئەکێشن!

ڕۆژانە چەندین کۆرس لە بابەتی جیاجیا لەناو کۆمەڵە کوردییەکاندا، بەڕێوە دەچێ، لە هەمان کاتدا بەرنامە ڕێژی ئەکەن بۆ هەموو یاد و بیرەوەریە تاڵ و شیرینەکان وەک 8 ی مارس و کیمیا بارانی هەڵەبجەی شەهید و جەژنی نەورۆز و زۆر ڕووداوی ئاوارتە کە ڕوودەدات.

بەڵام زۆر بەداخەوە گەنج و لاوی کورد، بە ڕێژەیێکی کەم ڕوو ئەکەنە کۆمەڵە کوردییەکان، ئەمەش وای کردوە کە هەستی نەتەوایەتییان لە ئاستێکی زۆر نزمدا بێت!! تەنانەت زانیارییێکی ئەوتۆیان نییە لە ڕابووردوی کوردستانی شیرین و لە زۆر پرسیاردا دادەمێنن و وەڵامیان لا نییە، لەکاتی گفتوگۆشدا، ووشە کوردیەکانیان بۆ نابزوێ!

کە زەمینەیێکی ئاوا ڕەخسا بێت بۆ لاوان و گەنجانی کورد، کە هیچ بەربەستێک ڕێگای لێ نەگرتبێ و بە پێچەوانەوە هەموو ئاسانکارییێکی بۆ کرابێ!!؟ چی وای لێکردوە لە ڕووی نەتەوایەتی و کولتوری ڕەسەنی وولاتەکەی دوور بکەوێتەوە. هۆی کەم تەرخەمی ئەگەرێتەوە بۆ کێ!!؟



ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.

بەزۆری ئەوانەی سەردانی کۆمەڵە کوردییەکان ئەکەن، تاکە کەسن یان دایک و باوک بێ منداڵەکانن یان باوک بەتەنیا، لەو باوەڕەدام هیچ خانەوادەیێکی کورد بە کوڕەکەی یان کچەکەی ناڵێت یان داوای لێناکات سەردانی کۆمەڵە کوردییەکان بکات!

لە هەمان کاتدا دایک و باوکی هەر یەک لەو گەنج و لاوانە لە هەر کۆڕ و کۆبونەوەێکدا بن، ڕێگا بە بەرامبەرەکەی خۆیان نادەن کە ساتێکیش ئەوان گۆ گری ئەمان بن! هەر یەکەیان ئاستی نەتەوایەتی و نیشتیمان پەروەری خۆی لە بەرامبەرەکەی بە زیاتر ئەزانی!

ئەرکی ئەوانە بیر و هزری نەتەوایەتی و خۆشەویستی وولات لای ڕۆڵەکانیان پێ بگەێنن، تێکەڵ بوونیان لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، هەستی کوردایەتی و نیشتیمان پەروەری لە جەستەیاندا گەشە دەکات.

هاندانیان بۆ سەردانی کۆمەڵە کوردیەکان، پێویستە. . . . چونکە لە ڕێگەی تێکەڵاو بوونیان بە بیرو باوەڕەی جۆراوجۆر و بیستنی هەواڵەکانی کوردستان، کە ئەمڕۆ بووەتە باسی ڕۆژانەی ژیانمان، گۆ بیستی ئەبن و بێگومان کاریگەری لەسەریان ئەبێ و کاردانەوەش دروست ئەکات لە دەرونیاندا!

زۆربەی باس و کارەکانی ناو کۆمەڵە کوردیەکان، بریتییە لە بەسەرهات و ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆی کوردستان. ڕۆڵە پێگەیشتوەکانی دوای ڕاپەڕین، بەتایبەتی ئەوانەی لە هەندەران ژیان بەسەر ئەبەن، زۆر بێمنەتن لە هەموو ئەو دەسکەوت و ئازادییانەی کە بە خوێنی هەزان ڕۆڵەی وەک ئەوان هاتوەتە دی. . بۆیە پێویستە بەئاگایان بهێنینەوە، چونکە هەر ئەوانن ئایندەی کوردستان چاوەڕێیانە.

.

سوید / 25-01-2007


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.